# ڕۆشنبیران و سیستەمی قەزا لە کوردستان !

مەینەتەکانی ڕۆشنبیری کورد زۆرن ، یەکێك لەو چەکە تازانەی کە دەسەلاتی کوردی مەکربازانە ، پڕاو پڕ لە ئیستیبداد دژ بە ئازادی بیرو ڕا ، دژ بە ڕۆشنبیران بەکاری دێنێ ، بەکارهێنانی دادگایە بۆ تەمبێ کردن ، بۆ سەرلەنوێ داڕشتنی هێلی سور و بڤەکان لە بەردەم هەر قەلەمێك کە بیەوێ لە بەرامبەر دەسەلاتا بوەستێتەوە .

دەسەلاتی کوردی لە سالی 1991 وە هەتا ئەمڕۆ ، بۆ پاوان کردنی توێژی ڕۆشنبیران پەنای بۆ زۆر ڕێگا بردووە ، لە شارێك و ڕۆژگارێك ئەگەر لە ڕێگای چەك و تۆقاندن بۆی چووبێتە سەر ، ئەوا بێ هیچ دوو دلی بەکاریهێناوە ، لەزەمانێکی تر ئەگەر توانیبێتی ناوی مەشهورو نیمچە مەشهوری نێو توێژی ڕۆشنبریان بکرێ ، ئەوا دڵ گەورەیەکی بێ وێنەی لە سەرف کردنی پارە وئیعتیباراتی ئیعلامی بەکارهێناوە بۆ ئەم ناوانەی بە ئەسپایی و بێ شەرم ، بوون بە برغویەکی چەواشە لە مەکینەی ئیعلامی دەسەلاتا ، ئێستاش دوا ڕێگا کە دەسەلاتی کوردی بەکاری دێنێ بۆ کۆنترۆل کردنی ڕۆشنبیران بریتی یە لە ساغ کردنەوەی پاشماوەی یاسا فاشیستەکانی عێراقی بە سەر ڕۆشنبیراندا ، لەمەش لە مەهزەلەترین خالەوە دەست پێ دەکا ، لە خالی عێراقی بوونی ڕەگەزنامەی ڕۆشنبیردا دەست پێ دەکا ، دەسەلات پێمان دەلێ چونکە ئێوە لە چوارچێوەی دەولەتێکی بەزۆر دروست کراودا لە دایك بوونە ، هەتا ماون دەستم پێتان دەگا ،گرنگ نیە ئێستا هاونیشتمانی ئەوروپان یان ئەمریکان ، ئێوە پێش هەموو شتێك عێراقین و دەبێ دوای ڕوخانی بەعسیش سیستەمی قەزای فاشیزم هەر قبوڵ بکەن .

سیستەمی قەزا لە کوردستان ، هیچ ڕیفۆرمێکی بە خۆیەوە نەبینیوە ، فاشیزم لە پەنای ئەم سیستەمە درێژە بە خۆی دەدا ، میسۆدێك کە ئەم سیستەمە مەعاش خۆرەکانی خۆی پێ پەروەردە دەکا ، میسۆدێکی تا سەرچۆکان ئەنتی مۆدێرنیزم ، ئەنتی دیموکراسی ، ئەنتی ئینسانیە ، شتێك کە دەسەلاتی کوردی لەم سیستەمەی زیادی کردووە ، ئەوەیە کە وەفای 100% ئەم سیستەمەی لە بەعسەوە گوێزیوە بۆ دەسەلاتی کوردی .

دەسەلات لەزمانی وەزیری مافی مرۆڤەکەی خۆیەوە پێمان دەلێ : (( دکتۆر کەمال لە سەر تەشهیر کردن و قەزف ، بە کارهێنانی جوێن )) لە نووسینەکانیدا گیراوە ، ئەگەر ئەم دادگایە ڕاست دەکا دەبێ لە پالەوانەکانی جوێن و تەشهیر دەست پێ بکا ، دەبێ لە سەرکردە مەیدانیەکانی شەڕی ناوخۆ دەست پێ بکا ، ئەم دادگایە لە بیری ماوە ئەم سەرکردانە نەك تەنیا لەووتارێك و دوان ، ئەوان ڕۆژانە دەهاتنە سەر تەلەفزیۆن و جوێن تەشهیریان بەکاردێنا ، جوێن و تەشهیرێك کە تەنیا لە فەرهەنگی شەقاوەکانی بەردەرگای سینەماکاندا دەست دەکەوێ ، ئەم دادگایە لە بیریەتی کە سەرکردە هەبوو دەهاتە سەر تەلەفزیۆن بە سەرکردەکەی ڕەقیبی دەووت : (( نێرەمووك )) سەرکردەکەی بەرامبەریش دوای نیو سەعات لە تەلەفزیۆنەکەی خۆیان جوابی دەدایەوە دەیووت (( دوودەکی ، مەسینە گێڕ )) ئەم قانونی عقوباتە بۆشوملی ئەم قارەمانانە ناکا ؟ لە دەوروبەری هەولێر کە شەڕی ناوخۆ گەرمەی خۆیدا بوو ، چەندین جار ناوتان لە کوژراوەکانی یەکتر دەنا (( کەلاك )) ئەم دادگایە قسەی لە سەر ئەمە چیە ؟

بزوتنەوەی دیموکراتی لە کوردستان ، بێجگە لە مەیدانی خەبات دژ بە فەسادی ئیداری ، خەبات بۆ ئازادی بیرو ڕا ، دەبێ هاوشانی ئەمانە خەباتێکی گەورەترو جدی تر دەست پێ بکا ، بۆ گۆڕینی پاشماوەی سیستەمی قەزای فاشیزم ، دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتی ، سەربەخۆ لە دەست تێوەردان ، لە پاوانی دەسەلاتی سیاسی .

**دەستەی بە ڕێوەبەری سایتی دەنگەکان**

2005/12/ 21